# ئازادی خۆشەویستی و ئازادی ژن ...!!!

سەروەر کەریم
Sarwar_kareem@yahoo.com

ئازادی خۆشەویستی زادەی کۆمەڵگای مۆدێرنـە و، تـەواوی قۆناغـەکانی بـەر لەکۆمـەڵگای مـۆدێرن بوارێکی ئەو تۆیان بە ئازادی خۆشەویستی و ئازادی هاوسەر نـەداوە، بگـرە لـە زۆرتـرین کـات دا دژی ئازادی تاکەکان وەستاون، لە ڕێگەی ئـایین و خێـڵ و خـزم و خێزانـەوە و جۆرەهـا سانـسۆری مـۆڕاڵی و کۆمەڵایەتیان لە بەردەم تاکەکاندا قوتکردوەتەوە، بەڵام هەروەك لە بەشەکانی پێشو ئاماژەم بـۆ کـرد بەهۆی ڕێنسانس و دواتر شۆڕشی فەڕەنسیەوە، گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیانی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی دا ڕووی داو مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك و عەقڵانیەت و هۆشیاری جێگای تەواوی بۆ چـوونەکانی تـری گرتەوە و بواری هەناسەدانی زیاتری بە مرۆڤ دا، کە بتوانێـت بەرەو خەونەکانی هەنگاو بنێت و هۆشیار بێت بە مافەکانی و ئـارەزوە تایبەتیـەکانی، هـەر لـەو مەیدانـەش دا ژنـان توانیـان لـە چـوار دیـواری ماڵەکانیان بێنە دەرەوەو تێکەڵ بە کۆمەڵگا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ببن و هەوڵی هۆشیار بوونـەوە و ناسینی خۆیان بدەن و لەوێشەوە هەوڵی ناسینی بەرامبەر بدەن، ئەم گۆڕانکاریانە لە قۆناغە یەك لـە دوای یەکەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا خزمەتی زۆرباشی مرۆڤایەتی کردو ژیانی تاکی لـە ژیـانی گشتی جیا کردەوە و تاکەکان تا ئەندازەیەکی باش ئاشنایەتیان بـە مافـەکانی خۆیـان و مـافی گـشتیش پەیدا کرد، کۆمەڵگای مۆدێرن، کە لەدایك بوونی کەلتوری دوورو درێژی ڕابردوی پێـشێلکردنی ئـازادی و ماف بووە، بۆیە ڕۆشنبیران و بیرمەندانی کۆمەڵگای مۆدێرن زۆر بە جدی کەلتوری ڕابوردویـان ڕاڤـە کردوە و بیری نوێیان لێ هەڵهێنجاوە، بەڵام ڕەخنەی جدیشیان لە ڕابوردو لایەنە ناشـرینەکانی و پێـشێل کردنی ئازادیان گرتوە، بۆیە کۆمەڵگای مۆدێرن زۆر ترین ئـازادی تـاکی تیـا فەراهـەم بـووە، لـە ڕووی تایبەتی و گشتی یەوە.

بە دیوێکی تردا کۆمەڵگای مۆدێرن زادەی عەقڵانیەت و زانستە و ژیان و پەیوەندیـەکان بـە پێـوەری زانستی و عەقڵانی دەپێورێ، زۆرینەی پەیوەندیە کۆنەکان و شێوازی ژیانی کۆن و دیاری کردنـی ژیـانی هاوسەری وەلادەنرێ. کۆمەڵگای مۆدێرن تا ئەوپـەڕی ئـازادی خۆشەویـستی قبـوڵ دەکـات و بـە مـافی تاکەکانی دەزانێ. ڕێبوار سیوەیلی دەڵێت[1] (بێگومـان بـە خـود بـوون و تاکایـەتی مـرۆڤیش مـەرجێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی بچێتەناوپەیوەندیەکی وەکو خۆشەویستی، کە تیایدا هەموو شتی مرۆڤانەیە).

لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا بـەهۆی بـوونی چـالاکانەی بـیرو هۆشـیاری و دەرك کردنـی عەقڵانیانـەی کێـشەکانی مـرۆڤ و پەیوەندیـەکانی و ئـازادی هەڵبـژاردنی هاوسـەر و خۆشەویـستی، ژیـانی کۆمـەڵگا گۆڕانکـاری زۆری بەسـەردا هـات و کـۆت و پێوەنـدەکانی سـەر خۆشەویـستی هەڵوەشـایەوە وئـازادی هەڵبژاردنی هاوسەر بووە بنەمای پێکەوە نانی ژیانی هاوسەری، بە پێچەوانەی کۆمەڵگای کۆن کە کـەس و کارو خێزان و خزمان ژیانی هاوسەریان دیاری دەکرد و بەپێ ڕێنمایی ئایینی بەڕێوەیان دەبرد، کە ئەو

ژیانی هاوسەریە هیچ بنەمایەکی خۆشەویستی تیا نەبوو، بگرە وەک سونەتێکی ژیان سەیر دەکرا، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا خۆشەوستی زۆرجار نەدەچووە چوار چێوەی ژیانی هاوسەریەوە، ئەو دوو تاکـەی خۆشەویستیان دەکرد، بڕوایان وابوو کە خۆشەوستی، کاتێـک دەچـێتە چوارچـێوەی ژیـانی هاوسـەریەوە لاواز دەبێت بۆ ئەوەی ئـەو خۆشەوسـتی یـە، بـە خـوانی بمێنێتـەوە، هاوسـەرییان ڕەتـدەکردەوەو لـە دەرەوەی ژیانی هاوسەری خۆشەویستی خۆیان بەڕێوە دەبرد، کە ئەو دیدە لە سەردەمی خۆشەویـستی ڕۆمانسیانەوە بوونی هەبووە و تا سەردەمی کۆمەڵگای مۆدێرێن درێژەی کێشاوە. جلال ستاری دەڵێـت[2] (ڕەچەشکێنانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویـستی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ دەبێـت لـە دەرەوەی چـوار چێوەی کۆمەڵگاو هاوسەرداریەوە بێت و ڕەنگەباشتریش وابێت لە دەرەوەی کۆمەڵگا و بـەدەر لـە هـەر پێوەرو ڕێوڕەسمێکی کۆمەلأیەتیش بێت).

لەگەڵ ئەوەی سەرهەڵدانی فکری ڕۆمانسیانە بۆ خۆشەویـستی، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەڤـدە، بەلأم لە کۆمەڵگای مـۆدێرن دا ئـەوجۆرە لـە خۆشەویـستی لـە دەرەوەی ژیـانی هاوسـەری و کۆمـەڵگا، دەرهاویشتە یان بە ئالی بـوونی مرۆڤـەو مرۆڤـەکان لـە بەرسـەر قـاڵی زۆریـان بـۆ بەدەسـت هێنـانی بەرهەمەنوێیەکانی تەکنەلۆژیەکان وچێژی کاتی ژیان، سەیری خۆشەویستی دەکـەن لـە دەرەوەی ژیـانی هاوسـەری و بەپەیوەنیـەکی سـەربەخۆی نێـوان دوو مرۆڤـی دەزانـن و هـەموو سانـسۆرەکان و چـوار چێوەکانی خێزان و کۆمەڵگاو هاوسەری ڕەت دەکەنەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە ژیانی خۆشەویـستی و هاوسـەری، لـە کۆمـەڵگای مـۆدێرن دا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو ڕۆڵـە پـەراوێز و سـاردوو سـڕەی کـە هاوسەرەکان لە ڕابوردودا و بە شێکیش لە سەردەمی مۆدێرندا، ژیانی هاوسەری دوو چاری بێزار بوون کردووەو بۆتە هۆکاری مراندنی هەستی خۆشەویستی، بۆیە بەشێک لە ئینـسانەکانی کۆمـەڵگای مـۆدێرن هاوسەری بە مردنی خۆشەویستی دەزانن و بۆیە ژیانی هاوسەری هەڵنابژێرن. لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا، خۆشەویستی تا ئەوپەڕی مانایەکی تاکگەرایی وەردەگـرێ و مرۆڤـەکان لـە خـود ناسـی و مـرۆڤ بـوونی خۆیانەوە، بۆ خۆشەویستی و ئازادی خۆشەویستی دەڕوانن و زنجیرە وەهمیەکان بەرامبەر بە ژیانی تاک و خۆشەویستی بەرەو ئاوا بوون و پچڕاندن دەچن و دەروازەکان بە ڕووی تاک دا والأدەبن، کە بەوپەڕی ئارەزوەکانی خۆیانەوە هەوڵی ناسینی بەرامبەر و پەیوەندی بدەن و ڕزگاریان دەبێت لەوەی پەیوەنـدی سێکسی بە خۆشەویستی بزانن و هاوڕێیەتی و هاوپیشەیی لە کارکردن دا بە خۆشەویستی بزانن، بـەڵکو خۆشەویستی لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و وەفاداری و دڵسۆزی و گۆڕینەوەی هاوبەشـی هاسـتەکان بـەبێ جیاوازی و بالأدەستی هیچ لایەک دەبێت. فرۆم دەڵێت[3] (بەلأم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتـوانین جۆرێـک لە پێشکەوتن تێبینی بکەین ئەوەتا خەڵکی زیاتر واقیعی و هۆشیار بوون و ئیدی حەزو هەوەسـی سێکـسی بە خۆشەویستی دانانێن و پەیوەندی هاوڕێی و برادەری ئیش کردن بە بەڵگەی خۆشەویـستی نـاژمێرن، ئەم ڕوانینە تازەیە وای لە خەڵکی کردووە کە زیاتر ڕاستگۆ و دڵسۆزبن).

سەر هەڵدانی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، لە کۆمەڵگای مۆدێرن دا بنەمایەک بوو بۆ ئەوەی خۆشەویـستی ڕاستەقینە سەر هەڵبدات و هەموو چوار چێوە و فۆرمە تەقلیدیەکان تێک بـشکێت، لـەو بڕوایـەش دام تەنها بە دروست بـوونی خۆشەویـستی ڕاسـتەقینە ئـازادی ژن و یەکـسانی فەراهـەم دەبێـت، چـونکە خۆشەویستی لە سەر بنەمای ڕاستگۆیی و یەکسانی و مرۆڤ بوون دروسـت دەبـێ، هـەرکاتێک لاسـەنگی

هەبێت لە نێوان (ژن-پیاو)دا، خۆشەویستی بوونی نی یە، جگە لە سونەتێکی تەقلیدی کـۆنی هاوسـەری و بەرژەوەندی پیاو سالاری و ئایینی، کە دیارە لەو سونەتەدا پیاو سەردار و بڕیار دەری ژنانـەو، ژنـانیش کۆیلە و ملکەچی فەرمانـەکانی پیـاو دەبـن، بـە دیـاری کردنـی چارەنوسـی هاوسەریـشەوە. بـە هـۆی پێشکەوتنی گەورە، لە هەموو بوارەکانی ژیان و پەیوەندی دا، دابڕانێکی گەورە لەگەڵ ڕابـردو دروسـت بوو، دیارە ئەمەش بەبێ بەشداری چالاکانەی ژنان نابێت و بەوو جـود نایـەت، تـا ئـەو جێگایـەی ژنـان بەهرەمەندبن لە ماف و ئازادیـەکانیان، کۆمـەڵگاش پـێش دەکـەوێت و پەیوەندیـەکانیش مرۆڤانـەتر دەبێت و ئازادی خۆشەویستیش فەراهەم دەبێت.

کۆمـەڵگای مـۆدێرن لـە بـواری ئـازادی فـەردی دا هـەنگاوی باشـی نـا بـۆ ئـازادی ژن و ئـازادی خۆشەویستی، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نـی یـە، کـە کۆمـەڵگای مـۆدێرن تـەواوی ئازادییـەکانی دابـین کردوەو ئیدی چەوساندنەوە و توندو تیژی کۆتایی هاتوە و یەکسانی بەرقەرار بووە، چـونکە کۆمـەڵگای مۆدێرن هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەت و تایبەت مەندی و جیاوازی خـۆی بـوو، بـەوەی ئـازادی بـە ژنـان دەدات، لە چوار دیواری ماڵ بێتە دەرەوە، بۆ ئەوەی وەك هێزی هەرزانی کار بەکاری بهێنـێ بـۆ زیـاتر کەڵەکە کردنی سامان. ڕەخسانی ئەو فەزایە بـۆ ژنـان، ژنـانێکی زۆری هێنایـە بـواری کـاری سیاسـی و ئیداری و کۆمەلآیەتی یەوە، بە کورتی ژنان بە ڕێژەی بەرچـاو ئـەو شـوێنانەیان گرتـوە، ئـەو شـەپۆلە زۆرەی ژنان بۆ ئارەزووی کارکردن، هەستی پیاوانی هەوەست بازو بەرژەوەنـدی پەرسـتیان وورژان کـە دەست درێژی سێکسی بکەنە سەریان. ڕەوتی دەسـتدرێژی کردنـە سـەر ژنـان، جـارێکی تـر تـرس و گومانی لای ژنان وورووژاند لەوەی بـچنە شـوێنە گـشتی و شـوێنەکانی کـارکردن و بەسـتنی پەیوەنـدی هاوڕێیەتی. بەشێك لەو پیاوانـەی بـە نـاوی ئازادیـەوە لـە ژنـان نزیـك دەبوونـەوە بـەهۆی بـالآبوونی غەریزەی سێکسی یەوە بوو، ئەگەر نا هیچ بنەمایەکی بـاوەڕ بـوون بـە ئـازادی و خۆشەویـستی واقیعـی نەبوو، ئەو پەیوەندیانەی ئەو جۆرە پیاوانە بەژنانەوە زۆر کورت خایەن و مەبەست دار بـوو، واتـە لـە ئارەزویەك بۆ دامرکاندنەوەی غەریزەکان بەولاوە و بۆ چەند سات و ڕۆژێکی دیاری کـراو بـەو لاوەنـە بوو، ئەو کردارەش ئازارێکی زۆری ژنانی دەدا، لە ڕووی دەرونی و جەستەیی یەوە. زۆربەی کات نزیـك بوونەوەکان، ئەگەر لەلایەن ژنانـەوە ڕەت بکرانایەتـەوە بـۆ کـرداری سێکـسی، ئـەوا دەسـت درێـژی دەکرایە سەریان، یاخود لە کار دەریان دەکردن، کە دیـارە ئـەو کـردارەش دوور بـوو لـە هـەر جـۆرە هەسـت و ئارەزویـەکی ئینـسانی، دەشـبوە هۆکـاری دروسـت بـوونی ڕەق بوونـەوە لـەلای ژنـان و سـەیرکردنی پیـاوان لـە جیـاتی خۆشەویـستی بـە گومـان و تـرس، ئـەوەش دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ پاشەکشەکردن لە پەیوەندی و خۆشەویستی و دروست کـردن دیوارێـك لـە نێـوان (ژن - پیـاو) دا کـە دروست بـوونی ئـەو دیـوارە لـە ئـەنجامی ئـازاری دەرونـی و جەسـتەییەوە دروسـت دەبێـت و هـیچ پەیوەندیەکی بە کەلتوری کۆنەوە نی یە، چونکە لە کۆمـەڵگای مـۆدێرن دا ژنـان بـە هـۆی هۆشـیاری و تێکەڵ بوونیان زیاتر هەست بە ئازارو هەست و سۆزەکانیان دەکەن، بۆیە ئازاردانیان لـە جیـاتی مـرۆڤ دۆستی و خۆشەویستی، زیاتر غەریزەی مەرگ دۆستی لەلای سەرهەڵدەدات و ڕق و بێزاری دەروونی دا یدەگرێ.

بۆیـە دەسـت درێـژی سێکـسی لـە کۆمـەڵگای مـۆدێرن دا هەرەشـەیەک بـوو لـە خۆشەویـستی و پەیوەندی یە سۆزداریەکان، گەرچی دەست درێژی سێکسی بەشێکیان شتێك نەبوو لەلایەن پیاوانـەوە و لە خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو بانگراونـدێکی مێـژووی لـە چـەپاندنێکی سێکـسی بـوونی هـەبووە، کەپێك هاتە کۆمەڵاتیەکان و کـەلتور دەوری گێـڕاوە، بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵگا بـە چـەپێنراوی بمێنێتـەوە و گەشەنەکات، ئەو کردارەش گەورەترین ترسی لە نێـو دڵـی ژنـان و ئـازادی خۆشەویـستی دا دروسـت کردوە.


سەرچاوەکان :

34-لەپەیوندیەوە بۆ خۆشەویستی ، ڕێبوار سیوەیلی   لا 42.

35-لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی ، ڕێبوار سیوەیلی لا 49.

36-مرۆڤ لە نێوان ڕوالەت و جەوهەردا ، ئەریك فرۆم ، وەرگێڕانی بۆکوردی : سابربەکر بوکانی  – لا 57.



sarwarkareem@gmail.com